ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# کچێکی ئەمەریکی پاش دیراسەکردنی ئیسلام دەبێتە موسڵمان

**نووسینی : سارا تۆث –نووسەری (ساوث بێند تریبیون)**

**وەرگێڕانی(بەکورتی): فاضل قەرەداغی**




هێرشەکانی ١١ ی ئەیلوول هانی دا لە ئیسلام شارەزا بێ

براندی کۆرمان Brandy Korman ی تەمەن ٢١ساڵ پاش سێ ساڵ لەلێکۆڵینەوەی سەربەخۆ سەبارەت بە ئیسلام بەهاری ٢٠٠٤ بووە موسڵمان.

کاتی هێرشەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ کچێکی هەژدە ساڵ بوو و هاتوچۆی کەنیسەی کاسۆلیکی لە زانکۆی (پێن ستەیت) دەکرد. ئەو کچە لەئینتەرنێتدا بەناو (گووگڵ)دا گەڕا و دوو وشەی (ئیسلام) و (قورئان)ی تایپ کرد، براندی دەڵێت: ویستم بزانم ئەو ئایینە چییە کە بە خەڵکەکەی دەڵێت خەڵکی بکوژن.

براندی دەستی کرد بە خوێندنەوە لەسایتەکانی ئینتەرنێت، پاشان دەستی دایە کتێب خوێندن و پاشان قورئانی خوێندو هەزاران لاپەرە خوێندەوەو لەگەڵ هەر لاپەڕەیەك ئەو فیکرەیەی گوایە ئیسلام باوەڕێکە هانی کوشتن دەدات ، نەدەما، ئینجا ئیسلامی بەشێوەیەك بینی کە شێوازێکی ژیانەو بریتییە لەخۆتەسلیم کردن بەخواو وەك ئەو دەڵێت: ئەو خودایەی رێگە نادات بێتاوانەکان بکوژرێن تەنانەت بەناوی باوڕیشەوە بێت، هەروەها ئەوەش کە وەك چۆن خودا یاساکانی سروشتی دانا ئاواش یاسای بۆ ئێمە داناوە ئەویش لەرێگەی کتێبە پیرۆزەکانییەوە، کاتێکیش قورئانم خوێندەوە شتێکم نەبینی کە لەگەڵیدا نارێك بم ئەویش بەپێچەوانەی ئەو کاتەی ئینجیلم دەخوێندەوە.



براندی لەمزگەوتی کۆمەڵەی ئیسلامی لە (میچیانا) نوێژ دەکات

براندی زانی کە موسڵمانان باوەڕیان بە سێکوچکەی (باوك-کوڕ-رۆحی قودوس) نییە ئەویش بۆ خۆی هەمیشە گومانی لەو سێکوچکەیە هەبووە. پاش چەند مانگێکیش لەخوێندنەوەو دیراسەی ئیسلام ئەو خوێندنەوەیە کەمکردەوە بەهۆی وەزیفەی قوتابخانەو لەجیاتی ئەوەی وەك جاران رۆژەکەی بەتەواوی بۆ لێکۆڵینەوە سەرف بکات هەفتەی چەند سەعاتێکی کەمی سەرف دەکرد. لەو کاتەشدا خۆی و دایکی لە (پێنسلڤانیا)وە چوونە (ساوث بێند).

ئینجا لە کانوونی دووەم دیسان خوێندنەوەکەی خەستکردەوە ئەویش کاتێك قسەی لەگەڵ هەندێ هاوڕێی موسڵمان لە کۆلێج کردبوو.

لەبەهاردا ئیمێلی بۆ هاوڕێی زانکۆی (ئوسامە ئەبازە)ی تەمەن ٢٤ ساڵ نارد کە خەڵکی ئەسکەندەریەی میسرەو داوای لێکرد بۆ مزگەوت بیبات، لەمزگەوتی کۆمەڵەی ئیسلامی لە (میچیانا) تەماشای پیاو و ئافەرتانی کرد کاتی نوێژکردن، لەبەر ئەوەش کە بەخەستی لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام کردبوو هەستی بە مورتاحی لە مزگەوتەکە کردو هیچی نەبینیو نەبیست کە چاوەڕێی کراو نەبێ، ئینجا

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

هەفتانە لەگەڵ (ئەبازە) سەردانی مزگەوتەکەی دەکردو بە درێژای لەبارەی ئیسلامەوە قسەی لەگەڵ ئوسامەدا دەکرد. ئوسامە خۆی لە ناوەڕاستی ڕێگەدا بوو بۆ دۆزینەوەی ئیسلام چونکە پێش ئەوەی لە میسرەوە بچێتە ئەمریکا خۆی بە موسڵمانێکی خواناس نەدەزانی و تەنها پاش ژیانی لە ئەمریکا دەستی کرد بە هاتوچۆکردنی مزگەوت و لەمبارەیەوە دەڵێت: هەستم کرد وەك چۆن شتێکم پێویست بوو ئینتیمام هەبێ بۆی لەم کۆمەلگەیەی کە زۆر دابەش بووە بەسەر ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەی ئەتنی، هەستێکی باشتریش نییە لەوەی ئینتمات بۆ خودا هەبێ.



لەوانەی قورئاندا گوێدەگرێ

پاش ئەو لێکۆڵینەوانەو سێ مانگ پاش یەکەم سەردانی بۆ مزگەوتەکەو موناقەشەکردنی لەگەڵ ئەبازە موسڵمانێتی خۆی ڕاگەیاند. پاش ماوەیەکی کەمیش ئوسامە داوای لێدەکات کە بیهێنێ و زەواجەکە سەردەگرێت.

موسڵمانبوونی براندی ڕوونکردنەوە زۆری دەویست، براندی پێدەکەنیو دەیوت: دایکم وتی چۆن دەکرێت ببیتە موسڵمان لە کاتێکدا تۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیت؟ کارمەندێکی دوکانی سەوزەش تەماشای (کریدت کارد)ەکەی کردو پاشان تەماشا لەچکەکە کردو لێی پرسی چۆنە ناوی (براندی)یە؟(واتە چۆن دەکرێت لەچکی هی موسڵمانان بێتو ناوی ئەمەریکی بێت/و).

یەك شتیش ئەو لەبارەیەوە دڵنیایە ئەویش کە موسڵمانبوونی پەیوەندی بە شووکردنییەوە نەبوو چونکە ئەو سەرەتا وای زانی ئەبازە ژنی هەبووە (ئەبازە بەڕاستی ژنی هەبووە بەڵام کێشەی تەڵاقی هەبوو).



پەروین بەشیر قسە لەگەڵ منداڵەکەی دەکات

براندی لەبارەی ئیسلامەوە دەڵێت: لای من ئیسلام تەنها ئاین نییە بەڵکو شێوازێکی ژیانە، دبێت شێوازی هەڵسوکەوت و جلو بەرگت بگۆڕی، زەحمەتیشە لەسەر دڵم جەژنی سوپاسدا (موناسەبەیەکی ئاینیی مەسیحییە لە دوایەمین پێنجشەممەی مانگی تشرینی دووەمە/و) لە خێزانی خۆم دووربم(چونکە ئێستا گەڕاوەتە پێنسلڤانیا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم یادەدا بەشداری ناکەم، لە کریسمەسیشدا خێزانەکە دەبینم بەڵام بەشداریی کریسمس ناکەم.

ئێستاش هەست دەکات کە زۆری لەبەردەمە تا ببێتە موسڵمان بۆیە هەر پێنجشەممەیەك ئامادەی وانەکانی قورئانە. براندی دەڵێت: هەمیشە شتی زۆرتر هەیە کە مرۆڤ بیکات. (پەروین بەشیر) کە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیەیە کە دیراسەی قورئان دەکات دەڵێت:نەك تەنها موسڵمانە نوێکان بەڵکو زۆربەی موسڵمانەکان هەست دەکەن کە شتی زۆر هەیە بیکەن.. هەروەها دەڵێت : تەوازوعە کە دەمانهێڵێتەوە.

براندیش دەڵێت کە لەگەڵ ئەوەدا نییە بەناوی باوەڕەوە خەڵکی بێتاوان بکوژرێن، بەڵام لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئیدارەی ئەمەریکی دەیکات کە خەڵکی لەسەرانسەری جیهان بەناوی ئازادی و دیموکراسی بۆمباباران دەکات. ئەبازەی مێردی دەڵێت: ((پێویستە مرۆڤ هەمیشە چواردەوری کەسانی خواناس بن تا لە ئاین هەڵنەگەڕێتەوەو ئەمە

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

جۆرە هێڵێکی بەرگرییە))و براندی لەمەدا لەگەڵیدا هاوڕایە. ئەبازە وای پێشنیار کردووە لە شاری مەدینە بژین، بەڵام ئەمە پەشۆکاوی دەکات:((تەنها ئەو شتانەی لە هەواڵەکاندا دەیانبیستین شتێکی ترسناکن، هەروەها ئافرەتان سەرتاپا داپۆشراون لەکاتێکدا من تازە حیجاب دەکەمە بەر)).

**A new life and creed**

**Young woman takes precepts to heart, converts to Islam**

By: SARA TOTH

Tribune Staff Writer

**http://www.southbendtribune.com/stories/2004/12/16/faith.20041216-sbt-MICH-D1-A_new_life_and.sto**

ZAGROS WEBSITE